ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:33 26-10-2007

## چۆن وتاربێژانی کوردستان شەرمیان نەکرد خەڵکیان دژی تورکیا هاندا! ... مەلا جەعفەر گوانی



کوردانی سەرگەردان و برایانی موسڵمان، ئەو ناونیشانەی هەموو کاتێك ئازارمان دەدات، لەو کاتەی گەلێکی موسڵمانی وەك کورد لە بندەستی دڕندەترین و زاڵمترین دوژمن دەچەوسێندراوە و، کووچە و کۆڵانەکانی خۆیی و شار و دێهات و سەیرانگا و کێو و ڕەزگەکانی خۆی لی ببوونە جەهەندەم. میللەتێك بە مانای وشە سەرگەردان کرابوو، ئەگەر خۆڕاگری و غیرەتی کوردانە نەبوایە، دەبوو لە مێژ بوو ناوی لە مێژوودا بسڕابایەوە و، لە نێو ئەو میللەتانە بنووسرابایەوە، کە تەنها لە کتێبە سەرچاوەکانەوە باسیان لێوە دەکرێت.
بەڵام لە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی لە عێراقدا هاتنەدی، پێگەی کوردیش لە جیهاندا گۆڕا، زانایانی ئیسلام لە جیهانی ئیسلامی و، زۆرێك لە گەلانی دونیا بەخۆیان داچوونەوە لەو هەڵوێستە سەلبیانەی بەرامبەر کورد هەیانبووە، بۆ نموونە یەکێکی وەك قەرەزاوی لە دوا کتێبی خۆیدا زۆر بە ڕاشکاوی و بوێرییەوە نووسیویەتی: کوردیش وەك عەرەب و تورك و فارس بۆیان هەیە داوای دەوڵەتی کوردی بکەن و، بە دوای ئەوەدا بگەڕێن سەروەری بۆ خۆیان فەراهەم بکەن، تا ئەوەی ناوی (pkk) ەی هێناوە، بەوەی هەقی خۆیانە خەبات بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەیان بکەن.
بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا حیزبی عەدالە و تەنمیە، هەمان سیناریۆی (کوردانی سەرگەردان و برایانی موسڵمان) دووبارە دەکاتەوە، ئایا ئەو هەموو هیوایەی میللەتی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا بە دەرچوونی حزبی عەدالە هەیانبوو دەپووکێنێتەوە، ئایا کارێکی وا دەکات ئەو کوردانەی بە گوڵباران پێشوازی عەبدوڵا گولی سەرۆك کۆماری تورکیایان کرد لە باکووری کوردستان، شەرم لە خۆیان و لەو گوڵانەش بکەن، کە بە ڕووی ئەودا بەرزیان کردەوە، یان تەنها کارکردنێکە بۆ بێدەنگکردنی سوپای تورکیا، خۆ ئەگەر کارێکی وا مرۆڤانە ئەنجام بدات و، بێت خاکی میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق داگیر بکات، کە بە هەموو پێوەرێك هیچ پەیوەندی بە تورکیاوە نییە، ئایا کوردانی تورکیا چ ئومێدێکیان بە حزبی عەدالە دەبێت تا مافەکانیان بدات لە شوێنێك کە لە بن دەستی ئەوانن، ئایا ئەو کاتی پەشیمان نابنەوە بەوەی خۆزگە بخوازن لە بری عەدالە دەنگیان بە نوێنەرانی کورد بدابا؟.
هیواخوازین حکومەتی ئەردۆگان وەك پێشبینیمان دەکرد هەڵسوکەوت بکات، نەك بەعسێکی دیکەی تورکی بێت، تەنها زمانی دەبابە و فڕۆکەی جەنگی و پۆستاڵی عەسکەرتاری بناسێت.
لەوانەش سەیرتر شەوی (2007/10/22) لە بەرنامەی (ملفات ساخنە) لە تەلەفیزۆنی (العراقیە) توێژەری سیاسی و نووسەری تورك (ئۆرخان) زۆر بە حەسرەتەوە دەیگووت: دەبێت وتاربێژانی کوردستان شەرم نەکەن، لەوەی خەڵکیان دژی تورکیا هاندەدا، چونکە پەکەکە حزبێکی لینینی و مارکسییە و، لە ناو پڕۆگرامیاندا ئەوە تۆمار کراوە، بەوەی هەرکاتێك دەسەڵات وەربگرن، خەڵکی لەسەر ئەو رایە پەروەردە دەکەن.
دیارە ئۆرخان لە بیری چووە کورد ئەوەندە ئەزموونی لە رابردوو وەرگرتووە، کە جارێکی دیکە لە ژێر هەر ناوێك چاوبەستیت نەکرێت و، بەوە هەڵنەخەڵەتێندرێت، کە ئەوە فلان مەزەب یان نەتەوە و یان جۆری حوکمە، بۆیە نابێت، دژایەتی بکرێت، هەر کەسێك زوڵمن لێبکات و، خاکمان داگیر بکات، ئیدانەی دەکەین و، دژی دەوەستین، جا ئەوە ئیسلامی بێت یان وەك بەعس و عەرەبەکان عەلمانی بێت، دوایی خۆ وەنەبێت خەڵکی کوردستان لەسەر پەکەکە وا بکات، بەڵکو دیفاع لە سەروەری وڵاتەکەی دەکات، خۆ ئەگەر تورکیا بەس نەهێتە ناو خاکی ئێمە و سەروەری کوردستان پێشێل نەکات،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوا ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە، چەندین ساڵە ئەوان و پەکەکە شەڕیان ئێمە خۆپیشاندانمان نەکردووە، بەڵکو ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەین، کە خاکمان لەلایەن تورکیاوە داگیر نەکرێت و، ئەو ئەزموونەی کوردستانمان لێ تێ نەدرێت و، داگیر نەکرێت.

لەوەشدا گلەییەك لە مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی دەکەین، کە وەڵامەکەی وەکو پێویست نەبوو، ئەو تەنها بەوەندە گووتی: ئەوانە مەسەلەی ئایدۆلۆژیانە. لە بری ئەوە دەبا مەلا بەختیار ئەو هەڵوێستەی وتاربێژانی مزگەوتەکانی کوردستانی بەرز نرخاندبا، چونکە دیارە هەڵوێستەکەیان لە مزگەوت ئەوەندە کاریگەر بووە، تا ئەوەی کاریگەری بەسەر سیاسەتمەدار و توێژەرانی تورکیاش هەبووە، ئەوەش دووبارە ئەو راستییە دووپات دەکاتەوە، بەوەی زانایانی ئایینی هەمیشە وەك مێژوویان پێشەنگ دەمێننەوە، بۆ پارێزگاریکردن لە خاك و نیشتیمانیان، مەلا بەختیاریش لەگەڵ هەموو سیاسەتمەداران پێویستە رێزی مامۆستایانی ئایینی بگرن و، چیدیکە بۆ ئایدۆلۆژیای تایبەتیان هەستیان بریندار نەکەن، بە شتێك نە خزمەتی وڵات و حکومەت و گەل و نیشتیمانمان ناکات.

cefergwani@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.